بۆڵەو خورتەوە سەری بادەداو ئیشارەتی بۆ ڕەفیقەکانی دەکرد. دواجار ئیدی نەیتوانی دگان بەخۆیدا بگریٚ و بەرزە پیٚ هەستایە سەرپیٚ .

- " بڕایینە گوێی لیٚمەگرن، ئەڤین بەس نییە، جەنگ هەموو شتیٚکە، جەنگ! فیرقەکەمان پیٚویستە ببیٚتە فیرقەیەکی جەنگیی و براکانیشمان ببنە جەنگاوەری دلیٚر کە بە دەستیٚك خاچ هەڵگرن و بە دەستەکەی تریش تەور. ئینجیل دەڵیٚ ئەو درەختە زڕە بە ڕەگەوە هەڵدەکیٚشم و دەیخەمە ئاگرەوە. ئەی چۆن بتوانین بەسەر دەسەڵاتداراندا سەرکەوین؟ باشە، تەنها ئەو کاتە دەتوانین کە لەوان بەهیٚزتر بین. نە هەژاریی، نەهەژاریی تەواوەتیی، برا فرانسیسکۆس ئەم لەخۆباییبوونە بۆ؟ خودی مەسیح ئیجازەی داوەتە حەوارییەکانی کە پیٚڵاوو گۆچان و کۆڵەپشتیان هەبیٚ و یەکیٚك لە حەوارییەکانیش سەرپەرشتیی دەخیلەکەی کردووەو هەوڵیداوە پڕ بیٚ تا خواردنی بۆ هەموان پیٚدابینکا. باشە برا فرانسیسکۆس زاتدەکەیت و دەتەویٚ لە مەسیحیش باڵاتر بیت؟ سەروەت و سامان شمشیٚریٚکی خاوەن قودرەتی ڕەهایە،

با لەم دونیا بێشەرمە چەقۆ وەشێنەدا بێچەك نەبین!
سەرۆکەکەمان نابێ مەڕ بێ، بەڵکو دەبێ شێر بێ، لەبری پەلکی پیرۆز دەبێ قامچیمان بەدەستەوە بێ. برا فرانسیسکۆس چما بیرتچۆتەوە کە مەسیح بە قامچیی بازرگانانی لەپەرستگەی خودا کردە دەرەوە؟ برایان من دەیلێم و ئەمجارەش دەیلێمەوە: شەڕ!"

پێنج شەش کەس لەبرا جحێڵەکان هەستانە سەرپێ و بەهاواری شادومانیی برا ئێلیاسیان خستە سەر شانیان.

هاواریانکرد:" تۆ شێریت، دەی بۆ پێشەوەو ڕێنوێنمانبە!"

فرانسیسکۆس ڕەنگپەڕیوو شەکەت دەستی نایە سەر شانم و هەستایە سەرپا، دەنگی تژیی بە نزاو خەم هاتە گوێ.

هاواریکرد:" براکانم ئاشتیی! ئاشتیی! چۆناوچۆنیی دەتوانین ئاشتیی لەدونیادا بخولقێنین کە ئاشتیی لەخودی دڵی خۆماندا نەبێت؟ ئاخر شەڕ شەڕی تری بەدوادا دێ و خوێنی ئینسانیش هەرگیز ناگیرسێتەوە. ئاشتیی، بیرتان نەچێ

